سبەی دووشەممە لە پارێزگای بەغدا کرایە پشوو



ئەمڕۆ یەکشەممە "ئەتوان ئەتوانی" پارێزگاری بەغدا ، سبەینێ دووشەممەی لە دیوانی پارێزگای بەغداد و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی کردە پشووی فەرمی، وەک ماتەمینییەک بۆ شەهیدبوونی سەید عەلی خامنەیی.

پارێزگاکە لە بەیاننامەیەکدا بۆی ڕاگەیاندوە : "ئەتوان ئەتوانی" پارێزگاری بەغداد دەوامی فەرمی لە دیوانی پارێزگای بەغداد و فەرمانگەکانی سەر بە پارێزگاکەی، جگە لە فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان، بۆ سبەینێ دووشەممە کردە پشوو، وەک ماتەمینییەک بۆ شەهیدبوونی سەید عەلی خامنەیی.

وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە : پارێزگاری بەغدا ، دیوانی ڕاسپاردوە بۆ ئەنجامدانی پرسە و سەرخۆشی لە ناوی سەشەممەدا لە دیوانی پارێزگا، بە بەرز ڕاگرتنی یادی شەهید و دەربڕینی هەستی خەمباری و هاوخەمی.